مەسرور بارزانی پەیامێکی سەرخۆشی ئاراستەی حکومەت و گەلی ئێران کرد بەبۆنەی کۆچی دوای ئیبراهیم رەئیسیەوە



سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرخۆشی و هاوخەمی خۆی ئاراستەی بەڕایەتی، حکوومەت و خەڵکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات. دەشڵێت، "هاوخەمی و هاوپشتی خۆمان لەگەڵ خەڵکی کۆماری ئیسلامی ئێران دووپات دەکەینەوە".

ئەمڕۆ دووشەممە، 20-05-2024، مەسرور بارزانی، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پرسنامەیەکدا، سەرخۆشی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد بە کۆچی دوایی ئیبراهیم رەئیسی، سەرککۆماری ئێران و حوسێن ئەمیر عەبدوللاهیان وەزیری دەرەوە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکە کە لە هەوداوی تەکشکانی هێلیکۆپتەرەکەیان گیانیان لە دەستدا.

لە پرسنامەکەی سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: "پرسە و سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵی خۆمان ئاراستەی بەڕایەتی و حکوومەت و خەڵکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بە کۆچی دوایی سەرک کۆمار ئایەتوللا سەید ئیبراهیم رەئیسی و وەزیری دەرەوە بەڕێز حوسێن ئەمیر عەبدوللاهیان و هاوڕێکانیان".

مەسرور بارزانی دەڵێت، "لە خوای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبووان بخاتە بەر بەزەیی خۆی و سەبر و دڵنەواییش بە بنەماڵە و کەسوکار و خزمکی ئێران بە گشتی ببەخشێت. لەم کاتە سەختەدا، هاوخەمی و هاوپشتی خەمان لەگەڵ خزمکی کەماری ئیسلامی ئێران دووپات دەکەینەوە".